www.kurdistannet.org

17-9-2005 14:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاسایش ڕۆژنامەنووسێک دەداتە بەر شەق ... کۆمەڵ- کەلار

لە میانەی خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی 7-9 ی شاری کەلار، ڕۆژنامەنووس سەردار ساڵح لە لایەن کارمەندانی ئاسایشی شارەکەوە هێرشی دەکرێتە سەر،

سەردار کە پەیامنێری تەلەفزیۆنی (یەکگرتوو) و ئەندامی ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێخراوەکانی سنووری گەرمیانە، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) ووتی: لە گەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە ئێمە دەستمان کرد بە وێنە گرتن، لە کاتی گەیشتنمان بە بینایەی ڕادیۆی (تەوار) کابرایەکی جل وبەرگ مەدەنی حیزبی کامێراکەی لێسەندم، بە پێی قسەکانی سەردار ساڵح تەلەفونی بۆ ئاسیاش کردووەو وتویەتی دوو ئیسلامیم گرتوون خەریکی وێنە گرتنن، وەرن بیان بەن. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: دواتر کارمەندانی ئاسایش کە (15) کەس بوون، هاتن و (7) کەسیان بە شەق و لەقە منیان تا ناو بارەگای ئاسایش برد، ئەمەو ناوبراو پاش ئازاردانێکی زۆر ئازاد کراوە.